

## ڤالانتاین.. رۆژێک بۆ خۆشەویستیی پێشمەرگە

# لەم رۆژەدا هەموومان سەنگەرەکانی پێشمەرگە گوڵباران دەکەین

سالّی رابردوو بەشێکی زۆر لە چین و توێژەکان داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد رۆژی ڤالانتاین ببێتە رۆژی خۆشەویستیی پێشمەرگە، چونکە لە سایەی شەونخوونی و بەرگریی و فیداکاریی پێشمەرگەیە ئەمرۆ خەڵکی کوردستان بە ئارامی دەژین. لە ئێستاشدا ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و چین و توێژەکان خەڵکی کوردستان داوادەکەن لە رۆژی جیهانیی خۆشەویستیدا دیاری ئەو رۆژە ببەخشرێتە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە نەك لە دژوارترین رۆژانی سەختدا پشتیان لە خاکی وڵاتەکەیان نەکرد، بگرە هەموو ئەو خۆشەویستییەی شکیان دەبرد، بە خاك و نیشتمانیان بەخشی و بە گیانبازی و خۆنەویستیی خۆیان کەرامەتی نەتەوەیی و خاکی کوردستانیان پاراستووە. لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان را و بۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

موقەدەم ستار چوچانی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئێمەی پێشمەرگە دژی تاریکی و لە پێناوی خۆشەویستیدا شەڕدەکەین». هێما بۆ ئەوەش دەکات کە رۆژی ١٤ی شوبات رۆژی جیهانیی خۆشەویستییە، کە لەو رۆژەدا بەهۆی بەیەکتر گەیاندنی خۆشەویستان، قەشەیەك لە سێدارەدرا. وتیشی: «ماوەی دووساڵە ئەم رۆژە جیهانییە لە کوردستان جێی گرنگی تەواو نییە، چونکە هەزاران گەنجی کورد پێشمەرگەن و بەبێ گوێدانە هیچ قەیرانێك و سەختییەکانی ژیان، ماوەی دوو ساڵە لە بەرەکانی جەنگدا بەرگری لە خاك و وڵات دەکەن. بەڵام جێگەی خۆیەتی گرنگی بە خۆشەویستی بدرێت، چونکە ئێمە دژی تاریکی و رق و ستەمکاری و داگیرکاری و لە پێناوی پاراستنی وڵات شەڕدەکەین، بەرگری لە ئاشتی و خۆشەویستی دەکەین.». لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا هێمای بۆ ئەوە کرد کە «هەزاران کوڕ وکچی ئەم وڵاتە، لە پشتی سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە ئەم رۆژی ڤالانتاین لەیەکتر پیرۆز دەکەن و مانای تەواوی پێ ئەدەن، بەبێ هەستکردن بە ترس ودڵەڕاوکێ لەو دوژمنەی کە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی لەلا نییە و خۆشەویستی لای ئەوتیرۆریستانە کوفری گەورەیە. هەربۆیە جێگەی خۆیەتی ئەمساڵ لە رۆژی جیهانیی خۆشەویستیدا هەمووان ئەو رۆژە بە تەواوی مانا بەرجەستە بکەن و خۆشەویستیی خۆیان بۆ پێشمەرگە دەرببڕن، چونکە دەربڕینی ئەو هەستە هاندەرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی پێشمەرگە بە باوەڕی زیاتر و پتەوتر رووبەڕووی دوژمن ببێتەوە. پێشمەرگە هەموو خۆشەویستیی خۆی داوە بە خاك ونیشتمان، چاوی لە پاراستنیەتی و بەڵێنی ئەوپەڕی وەفاداری بە گەلەکەی داوە وسات لە دوای سات لەسەر بەڵێنەکەی سوورتر دەبێ و بەڵێنەکەی نوێ دەکاتەوە.»

شیراز محەمەد وەك کچە پێشمەرگەیەك لە بەرەکانی جەنگەوە پەیامی ئەو رۆژە دەگەیەنێت و دەڵێت: «پێشمەرگە رۆژانە لە بەرەکانی شەڕی دژی داگیرکەران و تیرۆریستاندا گوللەباران دەکرێ و لە پێناوی پاراستنی نیشتماندا سڵ لە مەرگ ناکاتەوە، بۆیە شایانی ئەوەیە نەك تەنیا لە لایەن ئەوینداران و عاشقان، بەڵکوو لە لایەن هەموو گەلی کوردەوە گوڵباران بکرێن.» وتیشی: «ئەم یادە کە بە ڤالانتاین یان رۆژی خۆشەویستی ناسراوە، بە هێمایەك بۆ عاشقان پێناسە کراوە، لەو رۆژەدا ئەویندارن و خۆشەویستان بە بەخشینی گوڵی سوور و شیرینی و لای خۆشمان بە سێوی مێخەك رێز ئەو یادە دەکەنەوە، بەگشتی خۆشەویستی زۆر لەوە گەورەترە کە تەنیا رۆژێکی بۆ دابنێین، پێویستە هەموو رۆژێکمان خۆشەویستی تێدابێت بۆ ئەوەی مانایەکی جوانتر بە ژیان بدات. ئێمە دەتوانین بێجگە لەو مانایەی کە پەیوەستە بە خۆشەویستی بۆ رەگەزی بەرامبەر، هاوکات بیکەین بە دەرفەتێك بۆ خۆشەویستیی خاك و نەتەوەکەمان و بۆ خۆشویستنی پێشمەرگە و هەموو ئەو کەسانەی کە بەردەوام لە خەباتدان بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان. ئێمە دەتوانین بە پشتگیریکردن لەو ئامانجەی کە ئەوان خەباتی بۆدەکەن، هاوکار و پاڵپشتیان بین بۆ سەرکەوتنیان. هەروەها لەم رۆژەدا پێویستە بەڵێن تازە بکەینەوە بۆ خۆشەویستیمان بەرامبەر بە خاك و نیشتمان و شەهیدەکانمان. بۆیە هیوادارم لە ئەمساڵەوە رۆژی خۆشەویستیی ببێتە یادێك بۆ رێزگرتن لە پێشمەرگە و سەرکەوتنی بە سەر تیرۆریستانی دڕندە و داگیرکەرانی کوردستان،کە تا ئێستاش ناوی کوردستان وەك چقڵی چاو ئازاریان دەدات. هیوادارم ئەم رۆژە ببێتە هەوێنی ئاشتی و خۆشەویستی لە نێوان هەموو گەلانی جیهان و کوردیش بە مافی رەوای خۆی بگات کە ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە.»

رەجەب حاجی رەجەب بەرپرسی نووسینگەی ئەکادیمیای پارتی، سەبارەت بە هەمان پرسی دەڵێت: «با ٢/١٤ بکەین بە رۆژی خوشەویستی برا پێشمەرگەکان. با ئەم روژە بکەین بە رۆژی سۆز و وەفا بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و رۆحی شەهیدانمان شاد بکەینەوە و خانەوادەکانیان گوڵباران بکەین و هەموومان پێکەوە دەستەگوڵی تەڕی لە بۆنی خاك و نیشتمان بکەینە دیاری بۆیان و هەموومان بە جلوبەرگی شەرافەتمەندانەی پێشمەرگە بچینە بەرەکانی بەرگری و بڵێین ئێمە ئێوەمان خوش دەوێ و هەمان عاشقی ئەو رێباز و ئەو نیشتمانەین کە ئێوە خۆتانی بۆ فیدا دەکەن، لەمەش زیاتر رێزگرتن لە پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان بەرپەرچدانەوەی ئەو خراپەکارییانەیە کە لەم دواییەدا خەڵکانێکی گێرەشێوێن بە ئامانجی تێکدانی ناو ماڵی کورد ئەنجامی دەدەن. زۆر پێویستە بۆ هەموو جیهان بسەلمێنین کە ئێمە خاوەن هەڵوێست و نیشتمان و خاك و پیشمەرگە و قوربانین و هەموومان رۆژی خۆشەویستی دەکەین بە رۆژی وڵاتپارێزی و رۆژی یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی، دڵنیاشین کورد و کوردستان سەردەکەوێ بەم هەڵوێستە لەخۆبردووەی پێشمەرگە قارەمانەکان، هەر بژین خۆشەویستانی پێشمەرگە و ئەوانەی کە خوێنی سووری خۆیان کردە قوربانی خاکی کوردستان رۆحیان شاد بێ.»

تەنیا کەمال وەك هاووڵاتییەکی کوردی دانیشتووی هەندەران، بەمجۆرە باس لە رێوڕەسمی یادکردنەوەی رۆژی جیهانی خۆشەویستی دەکات: یادکردنەوەی رۆژی ڤالانتاین لە ئەورووپا تایبەتمەندی خۆی هەیە. تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگە دیاری پێشکەش بە یەکتر دەکەن، عاشقانیش گوڵی سوور دەگۆڕنەوە و یەکتر لەباوەش دەگرن. لەم رۆژەدا بازاڕی گوڵفرۆشتن گەرمە و تەنانەت هاوسەرانیش گوڵی سووری خۆشەویستی لە یەخەی یەکتر دەدەن. بەڵام کوردانی هەندەرانیش خوازیاری ئەوەن نەك تەنیا لە رۆژی خۆشەویستی، بەڵکو لە هەموو رۆژەکانی ژیان خۆشەویستی خۆیان بە پێشمەرگە ببەخشن کە رەمزی زیندوومانەوەی نەتەوەکەمانن. ئێستا خەڵکی بیانیش رێز و خۆشەویستییان بۆ پێشمەرگە هەیە کە شەڕی تیرۆریستانی جیهانی دەکەن.»

لە سەدەی سێیەمی زایینی ئیمپراتۆری رۆمانی کلۆدیۆسی دووەم حوکمڕانی رۆمانییەکانی دەکرد و بە هۆی سەرقاڵبوونی بە جەنگەوە، ژنهێنانی لە سەربازەکانی قەدەغە کرد، بۆ ئەوەی بەشداری جەنگەکان بکەن و بە ژنهێنانەوە سەرگەرم نەبن، بەڵام ڤالانتاینی قەدیس کە رەبەنێکی گاور بوو، رووبەڕووی بڕیارەکەی ئیمپڕاتۆر بووەوە و بەنهێنی گرێبەستی ژنهێنانی بۆ سەربازەکان ئەنجامدەدا، پاش ئەوەی ئیمپڕاتۆر بەوەی زانی، بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاند و لە رۆژی (٢٧٠/٢/١٤)ی زایینی لەسێدارە درا. دواتر پاپا رۆژی کوژرانی (ڤالانتاین)ی کە بانگەوازی بۆ خۆشەویستی و ئاشتی دەکرد بە جەژنی خۆشەویستی لە قەڵەم دا.

**لە رابردووەوە هەتا ئێستاش لە چینە هەرە هەژارەکانی کۆمەڵگەی ئێمەن و کەسانێکن کەمترین بەرژەوەندیی ماددییان هەیە، ئەوەی ئەوان خۆی بە قوربان دەکەن، ماڵ و سامان نییە، بەڵکوو خۆشەویستی گەل و خاك و نیشتمانە**

**هەزاران کوڕ وکچی ئەم وڵاتە، لە پشتی سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە ئەم رۆژی ڤالانتاین لەیەکتر پیرۆز دەکەن و مانای تەواوی پێ ئەدەن، بەبێ هەستکردن بە ترس ودڵەڕاوکێ لەو دوژمنەی کە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی لەلا نییە و خۆشەویستی لای ئەو تیرۆریستانە کوفری گەورەیە**

**رێزگرتن لە پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان بەرپەرچدانەوەی ئەو خراپەکارییانەیە کە لەم دواییەدا خەڵکانێکی گێرەشێوێن بە ئامانجی تێکدانی ناو ماڵی کورد ئەنجامی دەدەن**



# لاوان وقوتابیان بە کارنامەیەکی درەوشاوە و ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە بەرەو کوردستانی سەربەخۆ هەنگاو دەنێن

■ ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەتوانێت لەم بارودۆخەدا ڕۆڵ بگێڕێت. لە مێژوویی ئەم ڕێکخراوەدا چەندین قەیرانی لەو جۆرەی تێپەڕاندووە، بۆیە ئەرکی یەکێتی قوتابیان لەو قۆناغەدا جیا لە حزبە سیاسییەکان قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و دیموکراسی پێکەوەژیانە

■ لە زانستی سیاسەتدا پێوەری ڕای گشتی کاریگەرترین چەکە بە دەست بزاوتی سیاسییەوە، قوتابیان و لاوان لە دروستکردنی ڕای گشتی ئەرکی گەورەیان لەسەر شانە دەبێت ڕێکخراوەکانی قوتابیان و بەتایبەتی یەکێتی قوتابیان هەوڵی هاوسەنگیی سیاسی بدەن و ڕای گشتی بە ئاقارێکدا ببەن کە شیرازەی پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان ڕابگرن



زیاتر لە ٩٠٪ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەنجن کە سنوور و خاك و کەرامەتی نەتەوەیی کورد دەپارێزن، هەندێك گەنجیش بە پاساوی جیاجیا وڵات بەجێدەهێڵن. ناوەندەکانی چالاك لە بواری پێگەیاندنی گەنج و بەدیهاتنی خەونەکانیان تا چەند کەمتەرخەم بوون؟ ئایا تا چەند هەوڵیان داوە واقیعی پێگەی ناوچەیی و جیهانی کورد بۆ کۆمەڵگە و توێژی لاوان بەتایبەتی شی بکەنەوە؟ ئایا رێکخراوەکانی گەنجان چۆن لە کۆچی گەنج بەرەو هەندەران دەڕوانن؟ لەو دۆخە هەستیارەدا کە هەرێمی کوردستان لە ریفراندۆم و جاڕدانی سەربەخۆیی کوردستان نزیك دەبێتەوە، ئەرکی گەنجی کورد چییە؟ رێکخراوەکانی گەنجان جیا لە پلاتفۆرم و کارنامەی رابردوویان، پێویستە بەرنامەی کورتمەودا و درێژماوەیان بۆ خوێندن و پێگەیاندن و کاری خۆبەخشانە و وڵاتپارێزیی چی بێت؟ چ نەخشەڕێگەیەك بۆ بەدیهێنانی دەوڵەت نەتەوە لەبەردەستدایە و لە ئێستادا ئەولەوییەتی هەنگاوەکان بەرەو ئایندە دەبێت چی بێت؟ ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ساڵوەگەڕی یادی دامەزراندنیاندا وەڵامی ئەو پرسیارانەی گوڵان دەدەنەوە و بەشداربووانی دیکەی راپۆرتەکەش راوبۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەیە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**کۆمەڵێک هێزی بەرژەوەندیخواز و وابەستە بە هێزە ناوچەییەکانەوە لە ژێر سێبەری رقی چەند ساڵەدا وێڕای ئەوەی دەزانن ئەو کارەی دەیکەن نانیشتمانییە، کەچی بۆ شکاندنی هەیبەتی پارتە پێشڕەوە نەتەوەییەکان و دڵخۆشکردنی ئاغاکانیان دنیایەک مەکینەی ئیعلامییان خستۆتەگەڕ بۆ دژایەتی حکومەت و هاندانی گەنجان بۆ بەجێهێشتنی وڵات**

سەرەتا نووسەر و توێژەری کۆمەڵایەتی شێرکۆ هەورامی باسی ئەوە دەکات کە «گەنج هەمیشە داینەمۆی بەهێزی نێو هەموو کۆمەڵگەیەك بووە، لە تەواوی شۆڕشەکانی کورددا هەردەم گەنجەکان پۆل پۆل پەیوەستی شۆڕش دەبوون و زۆرترین کاریگەرییان لە رەوتی خەباتدا هەبووە». وتیشی: «ئەوەی ئێستا دەبیندرێت، دوو دیاردەی تەواو پێچەوانەن کە ژمارەیەك گەنج لە چوارچێوەی هێزێکی نیشتمانی بە ناوی پێشمەرگە، سینگی خۆیان دەکەنە قەڵغان بەرانبەر بە دوژمن و نەیارانی خاکی کوردستان، لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەك لە گەنجانی وڵات نیشتمان بە جێدەهێڵن، یان لەناو نیشتماندا بە پرتەوبۆڵە و هەندێ جاریش بە پەلاماری نووسین و تەنانەت بە دەستوەشاندن لە دامودەزگاکانی حکومەت تووڕەیی خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە. بێگومان هەردوو دەستەی گەنجان بەرئەنجامی جۆری پەروەردە و ئەو کەشە کۆمەڵایەتی و فیکرییەن کە سەرجەم ناوەندەکانی نێو کۆمەڵگە بۆ گەنجیان رەخساندووە. ژمارەیەك هێز و لایەنی شۆڕشگێڕ وێڕای کەموکورتییان لە بەڕێوبردن و ئاراستە و پەروەردەی گەنج، بەڵام وەك قوتابخانەیەکی کوردایەتی هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و راپەڕین و ئێستاشی لەگەڵدابێت، خەمخۆرانە لە خەمی پاراستنی نیشتماندان و نزیکترین نموونەش ئەوەیە کە توانای راگرتن و تێکشکاندنی ئەستۆرەی داعش-یان بووە. لە بەرانبەردا کۆمەڵێك هێزی بەرژەوەندیخواز و وابەستە بە هێزە ناوچەییەکانەوە لە ژێر سێبەری رقی چەند ساڵەدا وێڕای ئەوەی دەزانن ئەو کارەی دەیکەن نانیشتمانییە، کەچی بۆ شکاندنی هەیبەتی پارتە پێشڕەوە نەتەوەییەکان و دڵخۆشکردنی ئاغاکانیان دنیایەك مەکینەی ئیعلامییان خستۆتەگەڕ بۆ دژایەتی حکومەت و هاندانی گەنجان بۆ بەجێهێشتنی وڵات.»

هەورامی پێی وابوو زۆر گرنگە کە لەم قۆناغەدا گەنجان هاوخەمی نیشتمان بن و بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵسن و شان بدەنەبەر ئەم بارە قورسە و بۆ تەمەنی نزیکی خۆیان و نەوەکانی ئایندە، بنیادی دەوڵەتێکی بەهێزی مەدەنی و سەربەخۆیی کوردستان دابنێن.

جوان کەریم لە کۆمپانیایەکی بەناوبانگی وەبەرهێنان و با ز ر گا نیی گوڵ لە وڵاتی



هۆڵەندا فەرمانبەرە و سەبارەت بە تەوەری راپۆرتەکەی گوڵان دەڵێت: « گەنجان وەکوو گوڵن، بۆیە پێویستە حکومەت و باوان لە پەروەردەکردنیان کەمتەرخەمی نەکەن. خۆشبەختانە دایکانی کورد رۆڵی گەورە و بەرچاویان لە پەروەردەکرنی رۆڵەی نیشتمانپەروەر بینیوە و بەداخەوە هەندێك سیاسەتوانی کورد بە فیتی دەرەکی هەوڵی نەزۆککردنی ئەو ئینتیما نەتەوەییە دەدەن و قەیرانی نەخوزراوی کوردستان لە بواری ئابووری و شالاوی پەنابەر و پەنادانی دوو ملیۆن کەسی بێ ماڵ و حاڵ و شەڕی تیرۆر نادیدە دەگرن، بۆیە لاوانی ئێمە لەم بارودۆخەدا ئەرکیان گەلێك سەختتر بووە و پێویستە دەست لە ناو دەستی یەك پلان و بەرنامەی تۆکمەیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی نەیارانی گەل و خاکی کوردستان هەبێت».

شوان محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، سەرەتا باسی نەخشەڕێگەیەك بۆ دامەزرانی دەوڵەت دەکات و دەڵێت: « بۆ قسەکردن لە سەر دەوڵەتی نەتەوەیی، یان دەوڵەتی کوردستان، سەرەتا دەبێت هەندێ خاڵی زۆر گرینگ لە بەر چاو بگرین، یەکەم: بە خاوەنی دەوڵەت بوون مافی هەر نەتەوەیەکە لە سەر زەوی. خاڵی دووەم نەخشەڕێگەیە بۆ گەیشتن بەم مافە دیارە و هەموو گەلانی دنیاش لە رێی نەخشەڕێگەی تایبەت بە خۆیان بەم مافەیان گەیشتوون. بۆ ئەمەش بێگومان پێویستە ژێرخانی ئابووریی سەربەخۆ درووست بکرێت و پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان رێڕەوی راستەقینەی خۆیان وەربگرن و کاری زیاتر بۆ درووستکردنی دۆستی ئابووری و بنیادنانی سیستەمێکی دیموکراسی بکرێت. لە سەرووی هەمووشیانەوە پێویستە گرینگی بە یەکڕیزی ناوماڵی کورد بدرێت و چینی گەنجان بایەخی زیاتریان پێبدرێت کە زامنی سەرکەوتنی هەنگاوەکانن بۆ گەیشتن بە دەوڵەت، بەوەش مێژوویەکی گەش بۆ خۆمان دەنووسینەوە.»

لە لای خۆیەوە موحسین ئەرتیسی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، سەرەتا بە بۆنەی ١٨ شوبات و ساڵڕۆژی دامەزراندنی هەردوو رێکخراوی یەکێتی لاوان و یەکێتی قوتابیان پیرۆزبایی ئاراستەی ئەندامانی هەردوورێکخراوە دەکات و دەڵێت: «هیوادارم لەم قۆناغە هەستیارەی کە گەلەکەمان تێدا تێدەپەڕێت، هەردوو رێکخراوی یەکێتی لاوان و یەکێتی قوتابیان ئەرکی سەرشانی خۆیان بە باشترین شێوە بەجێ بگەیەنن.» وتیشی: «یەکێتی لاوانی کوردستان لە مێژووە پڕسەروەرییەکەیدا زۆر قوناغی خۆش و ناخۆشی تێپەڕاندووە و هەمیشە هەوڵی داوە ببێتە پەناگەی لاوانی کوردستان و لە دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ بەپێی پێویستیی قۆناغە جیاجیاکان یەکێتی لاوانی کوردستان توانیویەتی ببێتە پردێك بۆ رەنگدانەوەی هزر و بیر و ئارەزووەکانی لاوانی کوردستان و قۆتابخانەیەك بووە بۆ پێگەیاندنی سەرکردە و پیرۆز بەرزڕاگرتنی هێما نیشتمانییەکان و لەسەرەتای شەڕی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر خاکی پیرۆزی کوردستان، ئەندامانی یەکێتی لاوان بە هەموو ئۆرگانەکانیەوە چەکیان هەڵگرتووە و بۆ پاراستنی خاك و کەرامەتی گەلەکەمان لە سەنگەری پێشەوە بوون و شان بەشانی پێشمەرگە قارەمانەکان گیانیان لە سەردەستە، ئەمەش شتێکی تازە نییە بۆ خوێنگەرمانی ئەم رێکخراوە، ئەمە بۆتە هەوێنی پرۆگرامی کارکردنمان بە بەردەوامی و بە دەیان شەهیدمان پێشکەشی ئەم ئازادییەی کوردستان کردووە و شانازیشی پێوە دەکەین. بێجگە لە بواری خەباتی چەکداری، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانەکان لە کوردستان و بڵاوبوونەوەی هزری کۆچکردن و لە نێوان لاوانی وڵاتەکەمان بەتایبەتی هەموو چین و توێژێك بە گشتی، ئێمە رانەوەستاوین لە کارەکانمان و زیاتریش چووینەتە مەیدان و لە هەموو ناوچەکان بە دەیان خول و قارەمانی ماراسۆن و سیناریۆ و ورك شۆپ و....تاد کراونەتەوە.

دەریا کەمال ئەندام بەش لە ناوەندی باڵای یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، پاش پیرۆزباییکردن باسی ئەوە دەکات کە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان رێکخراوێکی گشتگیرە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی لەخۆ گرتووە. وتیشی: «لە شەڕی تیرۆر چەند گەنجی خۆبەخش لە ریزەکانی لاوان پێوەندییان بە هێزەکانی پێشمەرگەوە کردووە و دژ بە تیرۆریستان جەنگاون. مایەی خۆشحاڵییە گەنجەکانمان ئینتیمایەکی بەرزیان بۆ نیشتمانی خۆیان هەیە. یەکێتی لاوانیش پیشەنگ بووە لە پەروەردەکردنی لاو لەسەر بیر و باوەڕێکی تەواو کوردستانی.»

رۆئیا محەمەد بەرپرسی قوتابیان و کارگێڕی رێکخراوی ناوچەی ئایندە، قسەکانی بەوە دەستپێدەکات: کە «هەرێمی کوردستان پێش پەلامارەکانی تیرۆریستانی داعش، لە هەموو بوارێکدا گەشەی کردبوو، گەنجیش لەو گەشەسەندنەدا جێپەنجەی دیار بووە، بەڵام لەگەڵ تێکچوونی بارودۆخی کوردستان و هێرشی کتوپڕی داعش و بە بەکارهێنانی تەکتیکی شێواندنی دەروونی لە لایەن نەیارانی ناوخۆیی و دەرەکی، هاوکات بڕینی بودجە و مووچە لە لایەن بەغدا و هاتنی نزیکەی دوو ملیۆن پەنابەر بۆ کوردستان، نەك هەر رەوتی گەشەسەندنی کوردستانی خاو کردەوە، بەڵکوو بارگرانی و قەیرانی زۆری بۆ هاووڵاتیان و حکومەتەکەیان دروستکرد، لەگەڵ ئەوەشدا گەنجانی کورد سەرەڕای قەیرانەکان و شەڕی داسەپاوی تیرۆر، وەك هەمیشە فیداکار و خۆبەخشانە لە مەیدانەکەدا مانەوە و ژمارەیەکی زۆر کەمیان مەیدانی خەبات و بەرگرییان چۆڵ کردووە و نیشتمانیان جێهێشتووە، یان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری نەیارانی ناوخۆیی و دەرەکی.» وتیشی: «بەداخەوە نەیاری ناوخۆیی زۆرجار بۆ بەجێهێنانی مەرامە سیاسییەکانی خۆیان هەوڵی شووشتنەوەی مێشکی گەنجیان داوە، کە ئەوە گەورەترین تاوانی مێژووییە، بەتایبەتی لەم بارودۆخە هەستیارەدا کە دەکرێ گەنجی ئێمە وەك گەنجینەیەك بن بۆ وڵات و پشتیوانی سەرۆك مسعود بارزانی بن، کە لە هەوڵی

ژمارەیەک هێز و لایەنی شۆڕشگێڕ وێڕای کەموکورتییان لە بەڕێوبردن و ئاراستە و پەروەردەی گەنج، بەڵام وەک قوتابخانەیەکی کوردایەتی هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و راپەڕین و ئێستاشی لەگەڵدابێت،. خەمخۆرانە لە خەمی پاراستنی نیشتماندان و نزیکترین نموونەش ئەوەیە کە توانای راگرتن و تێکشکاندنی ئەستۆرەی داعش-یان بووە

ئەوەی ئێستا دەبیندرێت، دوو دیاردەی تەواو پێچەوانەن کە ژمارەیەک گەنج لە چوارچێوەی هێزێکی نیشتمانی بە ناوی پێشمەرگە، سینگی خۆیان دەکەنە قەڵغان بەرانبەر بە دوژمن و نەیارانی خاکی کوردستان، لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەک لە گەنجانی وڵات نیشتمان بە جێدەهێڵن، یان لەناو نیشتماندا بە پرتەوبۆڵە و هەندێ جاریش بە پەلاماری نووسین و تەنانەت بە دەستوەشاندن لە دامودەزگاکانی حکومەت تووڕەیی خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە



**گەنجان وەکوو گوڵن، بۆیە پێویستە حکومەت و باوان لە پەروەردەکردنیان کەمتەرخەمی نەکەن.**
**بەداخەوە هەندێک سیاسەتوانی کورد بە فیتی دەرەکی هەوڵی نەزۆککردنی ئەوە ئینتیما نەتەوەییە دەدەن و قەیرانی نەخوزراوی کوردستان لە بواری ئابووری و شاڵاوی پەنابەر و پەنادانی دوو ملیۆن کەسی بێ ماڵ و حاڵ و شەڕی تیرۆر نادیدە دەگرن**

**پێویستە یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە پەرەپێدان بە هەستی نەتەوەیی و شیکردنەوەی قەیرانەکانی ئەم زرووفە کاتییە کە یەخەی میللەتی ئێمەی گرتووە، رۆڵی زیاتر بگێڕێت**

**یەکێتی لاوان بۆ قوناغی ریفراندۆم خۆی ئامادەدەکات کە دەیەوێت لە درووستکردنی دەوڵەت سەروەریی مێژوویی خۆی زیاتر بکات و لەو پرۆرسەیەی لە پێش گەلی کوردستاندایە، بەشداری کارابێت**

ئەوەدایە بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بە ئیرادەی گەلەکەی دەوڵەتی کوردستان دروست بکات.»

لەلای خۆیەوە زەڤەر بادی ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، دوای پیرۆزباییکردن لەم یادە، وتی: «یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە مێژووی رابردوویدا رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە، لەم سەردەمەشدا لە ئاست خواست و ویستی ئەم توێژەیە لە رووی زانست و خزمەتکردنیان بە گوێرەی پێداویستییەکانیان. لە هەمان کاتدا هەرێمەکەمان لە ساتەوەختێکی هەستیاردایە و قەیرانی ئابووری لە لایەك و شەڕی تیرۆریستانی داعش لەلایەکی دیکە و پرسی ریفراندۆم کە گرنکییەکی تایبەتی هەیە بۆ داهاتووی کوردستان، هەرکامیان ئەرکی زۆر قورس دەخاتە سەرشانمان و پێویستە یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە پەرەپێدان بە هەستی نەتەوەیی و شیکردنەوەی قەیرانەکانی ئەم زرووفە کاتییە کە یەخەی میللەتی ئێمەی گرتووە، رۆڵی زیاتر بگێڕێت، بێگومان چارەسەریشمان بە خوراگری زانیوە و پێویستە قوتابی چاوکراوەی ئەو ماڵ و ژینگەیە بێت کە تێیدا چارەنووسی میللەتەکەمان دەستنیشان دەکرێت.»

سەبارەت بە کۆچ گەنجان و بەجێهێشتنی وڵاتیش وتی: «راکردن لەو قەیران و تەنگانەیە کە رووی لە میللەتەکەمان کردووە، کارێکی نەشیاوە. نابێت کاتێك قەیرانێکی کاتی دروستدەبێت، یان لە ناخۆشیدا وڵات بدەینە دەستی قەدەر، بە پێچەوانەوە چۆن لە رابردوودای پڕمەینەتمان وڵاتپارێز بووین و لە گەشەی کوردستان پشکدار بووین، دەبێت لە رۆژانی نەهامەتی زیاتر وڵاتپارێز بین و پشتیوانی سەرۆکی خۆمان و سیاسەتە نەتەوەییەکانی بین.»

شەمسەدین هەرکی کارگێری مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «مێژووی خەباتی ٦٣ساڵە و بەردەوامی رێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە درەوشانەوەدایە و لە سەرەتای دامەزراندنی تا ئەو چرکەساتە لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوامدایە لە پێناو پێگەیاندنی لاوانی کوردستان لە گشت سێکتەرەکانی ژیانی (کۆمەلایەتی، رۆشنبیری، سیاسی و...تاد). یەکێتی لاوان وەك پیشەی هەمیشەی لە گشت قۆناغەکاندا لە ریزی پێشەوەیە بۆ خەباتی مەدەنی لە ناو چینی لاواندا، بۆ ئەوەی ئایندیەکی گەش بۆ لاوانی کوردستان بە بێ جیاوازی لە هزر و بیری سیاسی و ئایینی لە کۆمەڵگەدا دابین بکات. یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان هاوتەریب لە گەڵ ئەو قوناغەی بە سەر ژیانی کورد و کوردستاندا هاتووە، و کاری بەرچاوی کردووە لە سەرەتای تەمەنیدا هاوشانی برا پێشمەرگەکان لە خەباتی شاخدا بووە، دواتر لە خەباتی شار هەر زوو توانی خۆی لە گەڵ ژینگەی کوردستان دوای راپەڕین بگونجێنێت و بێتە گۆڕەپانی خزمەتکردنی لاوانی کوردستان و تا ئەمرۆ زۆر بە سەرکەوتووانە قۆناغەکانی تێپەڕاندووە، بۆیە هەمیشە ئەم رێکخراوە بۆتە ماڵێك بۆ هەموو لاوانی کوردستان و یەکێك لەو هۆکارانەش کە بووەتە هۆی سەرکەوتنی، ئەوە بووە کە هەمیشە لەخۆنوێکردنەوەدایە بۆ ئەوەی بەرهەمی زیاتری توانای لاوان لەخۆبگرێت و کادیری بەتوانا بۆ گۆڕەپانی کوردستان بەرهەم بێنێت. لە سێکتەری ئابووری کە ئێستا هەرێمی کوردستان رووبەڕووی قەیرانی دارایی بۆتەوە، یەکێتی لاوان تا ئاستێکی زۆر هەوڵەکانی خۆی چڕکردۆتەوە، بۆ ئەوەی ژیانی لاوان بە هەر جۆرێك بێت، فەراهەم بکات، بۆ ئەوەی هاوشێوەی چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە بژین. یەکێتی لاوان بۆ قوناغی ریفراندۆم خۆی ئامادەدەکات کە دەیەوێت لە درووستکردنی دەوڵەت سەروەریی مێژوویی خۆی زیاتر بکات و لەو پرۆرسەیەی لە پێش گەلی کوردستاندایە، بەشداری کارابێت».

رۆژان فارس کارگێڕی لقی سەرۆکایەتی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە ساڵوەگەڕی یادی دامەزرانی رێکخراوەکەیان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی: «هەنگاونان بەرەو ٢٠١٦/٢/١٨بیرەوەری ٦٣ساڵەی دامەزراندنی رۆژی قوتابیانی کوردستان و یەکەمین رێکخراوی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان کە لەسەر دەستی بارزانی نەمر دامەزرا . ئاشکرایە ئافرەت هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پارتیدا رۆڵی هەبووە، بەتایبەتیش لە بواری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکەم ئافرەتیش کە چووەتە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان شەهید لەیلا قاسم بوو کە لە سەردەمی رژێمی بەعس زۆر بە ئازایانە و چاونەترسانە دەستی کردووە بە خرمەتکردن لە بواری سیاسەت لە رێکخراوی قوتابیان تا دواساتەکانی تەمەنی بەردەوام بوو. بۆیە ئێمەش ئەم رێچکەیەمان بەرنەداوە و هەوڵمان داوە هەریەکەمان لە بواری خۆمانەوە خزمەتێکی بچووك بەو رێکخراوە و زانستی کۆمەڵگەی خۆمان بکەین . هەروەك دەزانین ئەم دۆخەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان تووشی بووە، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر هەموو چین و توێژەکانی کوردستان و بەتایبەتی توێژی گەنجان و پرۆسەی خوێندنیش داناوە. ئێمەش وەك یەکێتی قوتابیان هەوڵمان داوە بە تەواوی رۆڵی خۆمان بگێڕین لە هۆشیارکردنەوەی قوتابیان و هاندانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، نەوەك ئەم دۆخە ببێتە هۆی وازهێنانیان لە خوێندن، لەو بوارەشدا کۆڕ و سمینار و وۆرك شۆپ و روونکردنەوەی زۆرمان گەیاندۆتە قۆتابیان کە بەهێز بن و بەسەر ئەم دۆخەدا زاڵ بن، بۆ ئەوەی هەمووومان بەیەکەوە بەرگری لە نیشتمانەکەمان بکەین.»

سەربەست سەفتی ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، کە قوتابیان بە «داینەمۆی رای گشتیی گەل» ناو دەبات و دەڵێت: «لە زانستی سیاسەتدا پێوەری رای گشتی کاریگەرترین چەکە بە دەست بزاوتی سیاسییەوە،. یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە لە ١٨ی شوباتی ساڵی ١٩٥٣ دامەزراوە بە پێی قۆناغەکان کاریگەری بەرچاوی خۆی هەبووە لەسەر رەوتە مێژووییەکان، بەڵام ئەمرۆ ئەرك و بەرپرسیارێتی گۆڕاوە بە هۆی گۆڕانکاری لە رەوتی ژیان و بوونی دەیان پارتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان،

کاریگەری رای گشتی کاریگەرتربووە. یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەڵگری خەسڵەتی بیری نەتەوەییە و لەگەڵ ئەو رەوتە دەبێت خۆی بسازێنێ، بەتایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کە کوردستان بە چەندین کێشەدا تێپەڕ دەبێت و جەنگی دژ بە تیرۆر و قەیرانی ئابووری و هەڕەشە ئابوورییەکانی بەغدا و ناڕەزایی خەڵك و پرسی سەربەخۆیی کێشەگەلێکن، دەبێت ر ێکخر ا و ە کا نی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەتایبەتی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەم بارودۆخەدا رۆڵ بگێڕێت. بێگومان پێکەوەژیانی سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی و خۆڕاگری بەرامبەر بە هەڕەشەکانی ئەمڕۆ، کاریگەرترین چەکە کە دەبێت قوتابیان بەگشتی لەبەرچاوی بگرن. چەندە حزبە سیاسییەکان لە یەکتری دوور بکەونەوە، دەبێت ڕێکخراوەکانی قوتابیان هەوڵی هاوسەنگیی سیاسی بدەن و رای گشتی بە ئاقارێکدا ببەن کە شیرازەی پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان رابگرن. جیا لەوە دەبێت یەکێتی قوتابیان هەوڵ بدات پرۆسەی خوێندن بە هاوکاری مامۆستایان بەردەوام بێت، چونکە ئەمەش یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکان. ئێمە لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەڵێن دەدەین کە چۆن لە رابردوو خۆمان کردووە بە قوربانی بیری نەتەوەیی و پرۆژەی سە ر بە خۆ بو و نی کورد، هەمیشە لەو سەنگەرەدا بەرگەی هەموو نەهامەتییەکان بگرین.»



**یەکێتی لاوانی کوردستان توانیویەتی ببێتە پردێک بۆ رەنگدانەوەی هزر و بیر و ئارەزووەکانی لاوانی کوردستان و قوتابخانەیەک بووە بۆ پێگەیاندنی سەرکردە و پیرۆز بەرزڕاگرتنی هێما نیشتمانییەکان و لەسەرتا شەڕی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر خاکی پیرۆزی کوردستان**

**مایەی خۆشحاڵییە گەنجەکانمان ئینتیمایەکی بەرزیان بۆ نیشتمانی خۆیان هەیە. یەکێتی لاوانیش پیشەنگ بووە لە پەروەردەکردنی لاو لەسەر بیر و باوەڕێکی تەواو کوردستانی لاوان بەهێزترین چینن کە بە خۆڕاگری رووبەڕووی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان دەبنەوە**

**گەنجانی کورد سەرەڕای قەیرانەکان و شەڕی داسەپاوی تیرۆر، وەک هەمیشە فیداکار و خۆبەخشانە لە مەیدانەکەدا مانەوە و ژمارەیەکی زۆر کەمیان مەیدانی خەبات و بەرگرییان چۆڵ کردووە و نیشتمانیان جێهێشتووە، یان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری نەیارانی ناوخۆیی و دەرەکی**